# ئایا پێویستیت بە پاراستن هەیە؟



## 1. ماف و ئەرکەکانی کەسە بیانیەکان چیە کاتێک دێنە ناو ئیتاليا؟



بەخێربێیت، تۆ گەیشتوویتە ئیتالیا. ئەوە واتە تۆ لە ناو یەکێتی ئەوروپادایت.
هەر کەسێک کە دەگاتە ئیتالیا پێویستە خۆی نیشانی دەسەڵاتە نیشتیمانیەکان بدات بۆ ئەوەی بناسێنرێت. لە پۆلیس مەترسە، هەروەک ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن و پارێزگاریت لێ بکەن.

بۆ ئەوەی بناسێنرێیت، پێویستە ناوی یەکەم، ناوی کۆتایی، بەرواری لە دایك بوون، وڵاتی لە دایک بوونت، ئەو وڵاتەی تیایدا هاوڵاتیت بە شێوازێکی ڕاست و دروست بدەیت.
ئەگەر هەر بەڵگەنامەیەکت لەم قۆناغەدا هەیە، نیشانیان بدە.
گرنگە ئەوە بڵێیت ئەگەر لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت گەشت بکەیت.
هەروەها گرنگە کە هۆکارەکان ڕوون بکەیتەوە بۆچی وڵاتی خۆت جێهێشتووە و ئەو هۆکارانەش بۆچی هاتوویتە ئیتالیا.
ڕێوشوێنی ناساندن لە وەرگرتنی وێنە و پەنجەمۆرت پێک دێت. ئەمە ڕێوشوێنێکی ستاندەرە بۆ گشت ئەوانەی تازە دێن.



گرنگە لەوە بگەیت کە پێت دەوترێت و ڕوونکردنەوەکانت بە دروستی لەو بەڵگەنامانە تۆمار بکرێن کە واژۆیان دەکەیت. بۆیە، ئەگەر شتێکت بەلاوە ڕوون نیە یان گومانت هەیە، دەتوانیت داوای ڕوونکردنەوە بکەیت بە یارمەتی وەرگێڕێک.



مافی کارکردن، خوێندن و وەرگرتنی یارمەتی پزیشکیت هەیە.

ئەگەر دۆخی پەنابەری یان دۆخی پاراستنی کاتییت هەیە، دەتوانیت داوای بەڵگەنامەیەک بکەیت کە ڕێگەت پێدەدات بۆ گەشتکردن هاتوچۆکۆدن لە ئەوروپا بۆ ماوەی نەوەد ڕۆژ.
هەروەها ئەم بەڵگەنامەیە لە وڵاتە نا ئەوروپیەکانیش کارپێکراوە جگە لە وڵاتی ڕەچەڵەکی خۆت. لە هەر حاڵەتێکدا، پێش ڕۆیشتن، گشت کاتێك ئاگاداری باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە بکەوە کە گەشتی بۆ دەکەیت.

هەروەها مافت هەیە بۆ هێنانی خێزانەکەت بۆ ئیتاليا بە شێوەی یاسایی و بە سەلامەتی، لە ڕێگەی پرۆسەیەک پێی دەوترێت یەکخستنەوەی خێزان.

لەبیرت بێت، ئەگەر گومانت هەیە لە هەر بوارێکی پرۆسەکە یان پێویستیت بە زانیاری زیاترە، دەتوانیت پەیوەندی بە نوێنەری یاسایی ئەو ناوەندەی تیایدا دەمێنیتەوە ، UNHCR، ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هەر ڕێکخراوێکی تری شارەزا لە پەنابەری بکەیت بۆ هەڵبژاردەی پەنابەریت.

Progetto co-finanziato dall'Unione Europea
MINISTERO DELL'INTERNO
FONDO ASILO, MIGRAZIONE E INTEGRAZIONE (FAMI) 2014-2020

UNHCR
The UN Refugee Agency

**scan to find information**

| HELP.UNHCR.ORG | TELEGRAM | JAMAMAP.IT |
|---|---|---|
| asylum, rights and duties, and dedicated service | Opportunities, events,and dedicated service | Service mapin 19 lenguages |

**HELPLINE**
**800 905 570**
**9:00 - 5:00 pm**
From Monday to Friday
numeroverderifugiati@arci.it
Lycamobile + 39342 775 4946


**IN CASE OF EMERGENCY**
24/7 - free - confidential

| Police and Ambulance | Antiviolence Helpline | Antitrafficking Helpline |
|---|---|---|
| 112 | 1522 | 800 290 290 |
| | | LYCAMOBILE + 39342 775 4946 |

## 4. کۆمسیۆنی هەرێمی




لە ئیتالیا، تاکە دەستەی بەرپرسیار لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت بریتیە لە کۆمسیۆنی هەرێمی بۆ ناساندنی پاراستنی نێودەوڵەتی.



داواکاریەکەت لە ڕێگەی چاوپێکەوتنێک تاقی دەکرێتەوە کە تیایدا مافی ئەوەت هەیە داوای ئامادەبوونی وەرگێڕێک بکەیت هاوشێوەی زمان و ڕەگەزی خۆت بێت. ڕەنگە چاوپێکەوتنەکەت بە شێوەی ڤیدیۆ تۆمار بکرێت. ئەگەر ڕازی نەبوویت، دەتوانیت باس لە هۆکارەکان بکەیت بۆ کۆمسیۆنەکە کە بڕیار لەسەر داواکاریەکەت دەدات.

لە گشت قۆناغەکان، بەڵام بە تایبەتی لەم کاتەدا، دەرفەتت هەیە بەڵگەنامەکان، یادەوەریە کەسیەکان، بڕوانامە پزیشکیەکان، وێنە، و بەڵگەنامەی تر نیشان بدەیت کە هەست دەکەیت سوودبەخش بێت بۆ داواکاریەکەت بۆ پاراستن.



کۆمسیۆنی هەرێمی ڕەنگە دۆخی پەنابەری یان پاراستنی کاتیی بدات یان بڕیاری نەرێنی بدات. لە حاڵەتە نەرێنیەکە، ڕەنگە کۆمسیۆن هێشتا شێوازی تری پاراستننت پێ بدات کە پێی دەوترێت پاراستنی تایبەت، ئەگەر بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێیتەوە، ڕەنگە ژیانت مەترسیدا بێت.
ئەگەر بەو بڕیارە ڕازی نەبیت کە کۆمسیۆن داویەتی، مافی تێهەڵچوونەوەت هەیە. هەروەها مافی یارمەتی یاسایی بەخۆڕاییت هەیە.

## 5. مافەکانی سوودمەندی پاراستن



ئەگەر شێوازێکی پاراستنت پێدرا، تۆ شایستەی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی کە ماوەکەی دەگۆڕێت بەگوێرەی جۆری ناسناندنەکە: ماوە پێنج ساڵ لە حاڵەتەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی، بەو واتایەی دۆخی پەنابەری و پاراستنی کاتیی؛ .دوو ساڵ لە حاڵەتەکانی پاراستنی تایبەت کاتێک بەسەر دەچێت، دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت. مافی کارکردن، خوێندن و وەرگرتنی یارمەتی پزیشکیت هەیە.




ئەگەر تەمەنت لە ژێر 18 ساڵیدایە و بە تەنهایت، دەستبەجێ ئاگاداری دەسەڵاتەکان بکەوە، یان ئەگەر بەردەست بوو، بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان.
ئەو مێردمنداڵانەی بە تەنها دەگەنە ئیتالیا، مافی ئەوەیان هەیە بپارێزرێن و دەسگەیشتنیان بۆ سەنتەرەکانی وەرگرتن هەبێت کە بۆیان تەرخانکراوە. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە لە ئیتالیا بمێننەوە و لەلایەن بەخێوکارێکەوە یارمەتی بدرێن.




ئەگەر کێشەیەکی تەندروستی یان پێویستی ترت هەیە، دەسەڵاتەکانی لێ ئاگادار بکەوە، یان ئەگەر بەردەست بوو، بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان.

## 2. دەسگەیشتن بۆ پرۆسەکە


ئەگەر دەترسیت لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت بەهۆی ئەوەی ژیان خۆت یان خێزانەکەت لە مەترسیدان، مافی داواکردنی پاراستنت هەیە.
ئەگەر هیچ ڕەگەزنامەیەکت نیە و دەترسیت لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی نیشتەجێ بوونی ئێستات بەهۆی ئەوەی ژیان خۆت یان ژیانی ئەندامانی خێزانەکەت لە مەترسیدان، مافی داواکردنی پاراستنت هەیە.
ئەگەر تووشی چەوساندنەوە بوویت یان دەترسیت لەوەی بچەوسێنرێیتەوە بەهۆی ڕەچەڵەك، ڕەگەزنامە، ئەندامیەتی گروپی ئێتنیکی، ئایین، بۆچوونی سیاسی، ئەگەر سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیت و دەترسیت دووچاری توندوتیژی یان کۆیلەیی بیت، ئەگەر دەترسیت لەوەی سزای مەرگ بدرێیت، ئەشکەنجە بدرێیت یان لە شوێنێکی جەنگەوە هاتوویت، دەتوانیت داوای پاراستن بکەیت.



لە دوای دەربڕینی ترست لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت، تۆ لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە بە داواکاری پەنابەری هەژمار دەکرێیت.
لەم قۆناغەدا، بە ڕوونی هۆکارەکان ڕوون بکەوە کە بۆچی داوای پاراستن دەکەیت. ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت ئەم هۆکارانە بە شێوەی نووسین پێشکەش بکەیت. لەم قۆناغەدا، ئەگەر پێویست بوو، دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت بخرێیتە ناوەندی وەرگرتن.
بۆ تۆمارکردنی داواکاریت بۆ پەنابەری، پێویستە پەیوەندی بە پۆلیسی ئیتالی بکەیت. ئینجا داواکاریەکەت ئاراستەی کۆمسیۆنی تایبەت دەکرێت کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەی تۆیە.



نووسینگەی کۆچی پۆلیس، بەیەکەوە لەگەڵ وەرگێڕێکی زمانی خۆت، ئینجا یارمەتیت دەدەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمێک کە پێی دەوترێت C3، کە هەندێک زانیاری تێروتەسەڵتری تاکە کەسی تێدا وەک گروپی ئێتنیکی، زمان و ئایینت.
لەم قۆناغەدا، دەسەڵاتەکان، پرسیارت لێدەکەن کە گەشتەکەت بۆ ئەوروپا چۆن بووە، ئایا تووشی ئەشکەنجە، ترۆما، توندوتیژی و دەست بەسەرکردن بوویت لە وڵاتی خۆیت و لەماوەی گەشتەکەت، ئەگەر سەر بە گروپێکی سیاسی بیت، ئەگەر ئەندامی خێزانت لە ئیتالیا یان ئەوروپا هەبێت و ئەگەر بەڵگەنامەت لا بێت.




ئەگەر کێشەی تەندروستی یان پێویستی تایبەتت هەیە، دەتوانیت ئێستا باسیان لێوە بکەیت و لە هەر کاتێکی تری پرۆسەکە.
لە ڕاستیدا، ئەگەر نەخۆشی مەترسیدار یان خەمۆکی عەقلیت هەیە، یان دووچاری ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی، یان جۆرەکانی تری توندوتیژی دەروونی یان جەستەیی یان سێکسی بوویت، تۆ مافی وەرگرتنی یارمەتی گونجاو و خزمەتگوزاری تایبەتت هەیە.



ئەگەر نەخۆشی مەترسیدار یان خەمۆکی عەقلیت هەیە، یان دووچاری ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی، یان جۆرەکانی تری توندوتیژی دەروونی یان جەستەیی یان سێکسی بوویت، تۆ مافی وەرگرتنی یارمەتی گونجاو و خزمەتگوزاری تایبەتت هەیە.

گرنگە لەوە بگەیت کە پێت دەوترێت و ڕوونکردنەوەکانت بە دروستی لە سەر فۆرمەکە ڕاپۆرت دەکرێن. ئەگەر هەر خاڵێک ڕوون نەبوو، داوا لە وەرگێڕەکە ئەو شتە ڕوون بکاتەوە کە ووترا.
لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا داوات لێدەکەن ئەم فۆرمە واژۆ بکەیت و کۆپیەکیشی بە تۆ دەدەن. لە شوێنێکی پارێزراودا هەڵیبگرە.
گشت ئەو زانیاریەی تۆ پێشکەشی دەکەیت نهێنیەکەی دەپارێزرێت و لەگەڵ وڵاتی ڕەچەڵەکی خۆت یان وڵاتی ترەوە هاوبەش ناکرێت.

لە هەندێک حاڵەت، داواکاریەکەت بۆ پاراستن دەکرێت بە پرۆسەیەکی خێرا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت کە بۆ ماوەیەکی کورتترە.
بۆ کێشە تەندروستەکان یان پێویستیە تایبەتەکان، مافی ئەوەت هەیە کە داواکاریەکەت ئەولەویەتی پێ بدرێت.
لەبیرت بێت، ئەگەر پێویستیت بە زانیاری زیاتر هەیە، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاسایی ناوەندەکە یان نووسینگەی کۆچ بکەیت.



### پاراستن

وەک داواکاری پەنابەری، ئەگەر پێویستت پێی بێت، مافی ئەوەت هەیە لە ناوەندی تایبەت پێشوازیت لێ بکرێت، بۆ ئەوەی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی کاتیت هەیە و لە خاکی ئیتالیا بمێنیتەوە بۆ چاوەڕوانکردنی بڕیاردان لە سەر داواکاریەکەت. لەبیرت بێت، تا ئەو کاتەی داواکاری پەنابەریت ناتوانیت خاکی ئیتالیا جێبێڵیت.
دوو مانگ لە دوای تەواوکردنی فۆرمی C3 مافت هەیە بە ئاسایی لە ئیتالیا کار بکەیت.
لەبیرت بێت، لە ماوەی پرۆسەکەدا، مافی پەیوەندیکردنت بە UNHCR، ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر ڕێکخراوێکی تر هەیە کە شارەزا بێت لە بواری هەڵبژاردەی پەنابەریت.



تا ئەو کاتەی داواکاری پەنابەریت ناتوانیت خاکی ئیتالیا جێبێڵیت.

## 3. ڕێسای دوبلین



لەو کاتەوەی لە ناو ئەم وڵاتەدایت، ئیتالیایە کە ئەرکی پاراستنی تۆی هەیە، بۆیە، دەبێت لە داواکاریت بۆ پاراستن تۆمار بکەیت.
بە شێوەیەکی گشتی، وڵاتی بەپرسیار لە هەڵسەنگاندنی داواکاری پەنابەریت ئەو وڵاتەیە کە سەرەتا لێیەوە هاتیە ئەوروپا. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر ئەندامی خێزانت هەیە لە وڵاتی تری ئەوروپا دەژیت، یان ئەگەر بەڵگەنامەت هەیە لە لایەن وڵاتانی تری ئەوروپیەوە دەکراوە، ڕەنگە داواکاریەکەت لە لایەن وڵاتەکەی ترەوە کاری لەسەر بکرێت، کە بە یاسایی و سەلامەتی بۆی دەگوازرێیتەوە.
لەبەر ئەم هۆکارە، گرنگە کە بە زووترین کاتی گونجاو ئاگاداری دەسەڵاتەکان بکەیتەوە ئەگەر ئەندامی خێزانت لە وڵاتێکی تری ئەوروپی هەیە.



ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت "ڕێوشوێنی دوبلین"، و تاکە مەبەستی بۆ دەسنیشانکردنی ئەو وڵاتەیە کە تیایدا پرۆسەی پەنابەریت ڕوودەدات، بەڵام ڕووماڵی هۆکارەکان ناکات بۆچی داوای پەنابەریت کردووە.
ڕێسای دوبلین بەسەر گشت وڵاتە ئەندامانەکانی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ دەبێت وەک نەرویج، ئایسلەند، سویسرا و لیختنشتاین.